# لیّدە حەویّز تیّگوشە مراد

## سمکۆ عەبدولکەریم

دوو برادەر لە چۆمانیٚ هەبوون کە دەگەیشتنە یەك بە لیّدە حەویّز و تیّگوشە مراد یەکدیان دەدواند ، هەرچەندە نازانم چیرۆکی ئەو بەزمە لە چییەوە هاتبوو ، بەلاٚم ببوە ویّردی سەرزمانی هەمووان ، ئەو دەیگوت لیّدە ئەویتر دەیگۆ تیّگوشە ،لە کوردەواریدا ئەگەر یەکیّك لەسەر کەسیّك بخویّنیٚ و بیەویٚ بە دەردیّکی بەریٚ دەلیّن خراپی لوٚ تیّگوشیە ، ئەگەر کەسیّکیش بکەویتە ناویٚ دەلیّن لیّدایە ، ئیّستا هەندیٚ برادەر لە دەزگاکانی حکومەت پەیدا بووینە لەلایەك لیّدەدەن و لە لایەکیش تیّدەگوشن ، راست و چەپ خەریکی داکوٚکی کردنن لە کەموو کورِی و گەندەلیەکانی حکومەت ،بە شیّوەیك راستیەکان ئاوەژوو دەکەنەوە وەك بلّیی ئەو خەلکە لە گویّی گادا نووستبن ،یەکیٚ لە گلییەکانی حکومەت لە نووسەر و روّژنامەنووسان ئەوەیە کە گوایە لە نووسینەکانیاندا تەنیا ئاماژە بەلایەنە سلبییەکان دەکەن و ئەوەندی چاویان شتە ناشرینەکان دەبینی ئەوەندە شتە جوانەکان نابینن ، هەرچەندە کارە جوانەکانی حکومەت لە چاو ئەوبیبەرنامەیەو گەندەلیٚ و ئەو پرِوّژە سەقەتانەی کە بە لیّشاو پارەی لیّخەرجدەکات بە پەنجەی دەست دەژمیّردریّن ،لە هەمان کاتیشدا ئەوە ئەرکی سەرەکی روّرژنامەنووس نییە بیّت بە شان و بالّی پرِوّژە جوانەکانی حکومەت هەلّبدا ،مەگەر کاری حکومەت چییە ؟ ئەوە نییە ئازادی ودادپەروەری و گوزەران وئاسایش و ئاوەدانی دابین بکات ، دەزانی هاولاّتیان هیّندەی دلّیان بە داهیّنانیّکی تازەی  بواری تەندروستی خوّشە نیوهیّندە چاویان بە بەرزکردنەوەی بالّەخانەکان هەلّنایی ، هەرچەندە دەزانن کە ئەو پرِوّژانەش پیّویستن و سیمای ولاّتەکەیان جواندەکات ،وەزارەتی پەروەردە ئەمسالّ پرِوّگرامی مەدەنی بوّ خویّندنی سەرتایی زیاکرد بوّ ئەوەی لە بەشیّکی ئەو پرِوّگرامەدا قوتابی فیّری ئەوە بکریّت کە بەرپرسیاریەتی چییە ؟ ئەگەر لە یەك کاتدا چەند بەرپرسیاریەتیّکی پیّسپیّردرا دەبیٚ یەکەمجار کامە بەرپرسیاریەتی جیّبە جیّبکات ، حکومەت ریّك پیّچەوانەی ئەوە ، تا ئیّستاش لەسەر ئەساسی ئەو بنچینەیە پرِوّژەکان ئەنجام نادات  کە ئایا کامە پرِوّژە لەم ساتەدا بوّ  هاولاّتیان پرِبایەخترە ، توّ بلّیٚ جیّبەجیّکردنی پرِوّژەی کارەبا و دەزگاکانی وەبەرهیّنان گرنگتر بیٚ یان بەرزکردنەوەی بالّەخانەکان ؟ کاك جەمال عەبدوللا دیارترین نووسەری داکوّکیکەر لە حکومەت کە سەرجەم قسەو نووسینەکانی بەو ئاراستەیەیە بەهەر شیّوەیەك بیٚ دەیەویٚ باوەرِ بە بەرامبەرەکەی بیّنیٚ ،بیّئاگا لەوەی کە پەتی ئەم سیاسەتە ئیّجگار کورتە ، ئەم برادەرە لە نووسینیّکدا لە گوّڤاری هەریّم دەیەویٚ ئەوەمان پیّبلّیٚ کە خەلّکی نابیٚ زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران بە مەکرەمەی حکومەتی عیراقی تیّبگات خوّزگە توّزیّك لە نزیکەوە گویّی لە فەرمانبەران رادەگرت ، ئەوسا تیّدەگەیشت ئاخوٚ فەرمانبەران ئەوە بە مەکرەمەی بەغدا دەزانن یان حکومەتی هەریّم ،ماوەیەکە بیّدەسەلاّتی وەزیرو روّتینیات لەبەردەم بە جیّگەیاندنی پرِوّژەو کارو چالاکییەکان لە هەریّمی کوردستان یەکیّکە لە زەقترین دیاردەکان ،

کەچی کاک جەمال دەیەوێ پێمان بڵێ ئەوە ئەساسی نییە ، ئەوتا وەزیری تەندروستی دەڵێ بە هۆی رۆتینیایەتەوە دوای ساڵێك جا رەزامەندی لە سەر دەستکاری کردنی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر وەرگیرا ، وەزیری گەیاندن دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو رێزی ئیمزاکەی خۆشی بگرێ ، وێڕای نەمانی هەنجەتە یاساییەکەش لە بێدەسەڵاتیان دوای چەند رۆژێك گرێبەستی نێوان ئاسیاسێل و کۆرەکی هەڵوەشاندەوە ، وەزارەتی مافی مرۆڤ تا رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیرانی وەرنەگرت دەسەڵاتی ئەوەی نەبوو بەندیخانەی ئاکرێ بەسەر بکاتەوە ،رەنگە ئەگەر دەرفەت هەبێ سەدان نمونەی تری لەم جۆرە هەن کە کاک جەمال لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران نە گوێی لێبووە نە بینیویەتی .

www.dengekan.com

5/12/2007